



# ماكیاژی پێڵووی چاو


ئەو خانمانەی كە چاویان ڕەنگێكی تایبەتی هەیە، جیاوازی هەیە لەگەڵ ڕەنگە سادەكان، مەبەستمان ئەو ڕەنگانەی كە لەگەڵ گشت جۆرە ماكیاژێك گونجاو نابێ، بۆیە باشتر وایە دەبێ جۆرە ماكیاژێكی دیكە هەڵبژێرن تاوەكو لەگـــەڵ ڕەنگی چاویان بگونجێ، ئەوەی باســـی دەكەین زیاتر ماكیـــاژی چاوەكانە و زیاتریش ڕەنگی پشـــت چاوە لـــە هەندێك حاڵەتدا ڕەنگی پشـــت چاو و ڕەنگی چـــاو جیاواز دەبێ و ئەمەش وادەكات كە نەگونجاندن لەنێوان دوو ڕەنگ دروســـت ببێ و شـــێوەی ماكیاژەكە بەهای جوانی خۆی لە دەســـت بدات و هەروەها ڕەنگی چاویش ون بكات، ئەوانەی ڕەنگی چاویان شین و سەوزە، دەتوانن لەگەڵ پشت چاوی ڕەنگاوڕەنگ گونجاندن دروست بكەن، چونكە ڕەنگاوڕەنگەكە لەگەڵ ئەو دوو جۆرە ڕەنگـــە خۆی دەگونجێنێ و دیار دەبێ، ســـەبارەت بەوانـــەی ڕەنگـــی چاویان ڕەشـــە، دەكرێ لەگەڵ ڕەنگی چاوی ڕەش، شێوازی ماكیاژی پشت چاوی ڕەنگی سپی و پەمەیی و وەنەوشەیی و قاوەیی و یان با بڵێین لەگەڵ زۆربەی ڕەنگەكانەوە گونجاو دەبێ، چونكە ڕەنگی ڕەش لەگەڵ سەرتاپای ڕەنگەكانی دیكە خـــۆی دەگوزەرێنێت، ئەوانەی ڕەنگی چاویان قاوەیی یان هەنگوینی یان كاڵە، بۆ ئەوانە كێشـــەیان بۆ دروســـت دەبێ لـــە هەڵبژاردنی ڕەنگی پشـــت چاوەكانەوە، چونكە لەگەڵ ئەو سێ ڕەنگەوە، تەنیا چەند ڕەنگێك هەن جوانی خۆیان دەدەن، مەبەســـت لەوەش ئەگەر ڕەنگی چـــاو قاوەیی یان هەنگوینی یـــان كاڵ بێ، ناكرێ ڕەنگی پشـــت چاو پەمەیی یان وەنەوشـــەیی بێ، چونكە دەبێتە هۆی شێواندنی جوانی ڕەنگی چاوەكە، بۆیە پسپۆڕان دەڵێن لەگەڵ ڕەنگی قاوەیی و هەنگوینی و كاڵ، دەتوانین ڕەنگی كاڵ یان كراوە بەكاربهێنین وەك: ڕەساســـی – شینی كاڵ- شـــین، هەروەها بەكارهێنانـــی هێڵێكی ڕەش لەنێوان برژانگ و پشت چاو، تاوەكو جیاكاری بكات لەنێوان ئەو ڕەنگەوە، تەنانەت دەبێ هێڵێكی سادەی ڕەش لە ژێرەوەش هەبێ بـــۆ زیاتر ڕازاندنەوەی ئەو جۆرە ماكیاژە.

# گوارەی درێژ و باریک و ڕەنگاوڕەنگ

هەر بەرهەمێك یان كەرەستەیەك لە بواری جوانكاری جێگەی سەرنج و جوانی خۆی هەیە، بەڵام دەبێ بەو شێوەیە دابنرێ كە گونجاو بێ لەگەڵ هێمای جوانی و ئامادەكاری لە مۆدەكانەوە، بە گشـــتی ئێكسسوار یەكێكە لە كەرەستە نا سەرەكییەكان كە دەتوانن جوانی دابین بكەن، شـــێوازێك لە مۆدەوە بخەنە ڕوو تاوەكو گوزارشـــت لە جوانییەك بكات و سەرنجڕاكێشـــیش بێ. وەك ئێكسســـواری گوارە، كە ئێكســـوارێكی هەرچەندە بچووكە، بەڵام خاوەن جوانییەكی گەورەیە و كارامەیە، لەوانەش كاتێـــك لە وەرزی هاویندا قژ زیاتر دەبەســـترێ، بۆیە گوارە دەردەكەوێ و لە ژێر قژوە دێتە دەرەوە، بـــە پێچەوانەی وەرزەكانی دیكەوە كە گـــوارە ئەوەندە دیار نابـــێ. زۆری لە مۆدەكان وادەكات كە خانمان ســـەریان لێ بشـــێوێ بن لەوەی چ جـــۆرە مۆدەیەك هەڵبژێرن تاوەكو لە گوێچەكەیان بخـــەن، لەو كاتەوە پســـپۆڕانی بـــواری جوانكاری ئامـــۆژگاری كچان و خانمـــان دەكەن لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی گوارە بۆ ئەو وەرزە یان لەو كاتەی ساڵدا، هەروەهـــا دەڵێن: گوارەی درێژ و باریك، یەكێكە لەو مۆدانەی كـــە جێگەی جوانـــی و هەلێكی چاكی هەیە بـــۆ دەركەوتن، لە كاتێكدا لە وەرزەكانی دیكەو ئەو شـــێوازە گونجاو نابێ، زیاتریش دەڵێن: چاكترە ئێكسسواری گوارە بۆ وەرزی هاوین ڕەنگاوڕەنگ و یـــان زیاتر لە ڕەنگێكەوە بێ، ئەمەش وەك ڕێگەیەك بۆ دەركەوتن و سەرنجڕاكێشان، گوارەی درێژ و باریك و ڕەنگاوڕەنگ مۆدەی ئەو وەرزە دەبێ تاوەكو هاتنی وەرزی پاییز.



# چۆنیەتی گونجاندنی ئێکسسوار و کراسی کوردی



ڕێکخستن و گونجاندن لە جلوبەرگدا یەکێکە لە گرنگترین هەنگاوەکان کاتێك خانمان پێوەی خەریك دەبن بۆ دابینکردنی مۆدەیەکی جوان، ئەمەش پێویستی بە ئامادەکاری و گونجاندنی نێوان ئێکسسوار و جلەکان دەبێ، بۆیە دەتوانین سوود لەو لایەنە وەربگرین کە کاردەکاتە سەر ئامادەکاری بۆ مۆدەیەکی ڕێکخراو، بە مەرجێك شێوازی ئێکسسوار و جلەکە لەگەڵ یەکتر گونجاو بێ، گونجاندن لە جلوبەرگدا چەندین لایەن لەخۆ دەگرێ، وەك: گونجانی ڕەنگی ئێکسسوار و ڕەنگی جلەکە، یان چۆنیەتی دانانی ئێکسسوارەکە کە لە شوێنی مەبەست بێ، بۆ نموونە: ناکرێ ملوانکەی درێژ زیاتر بێتەوە سەر سینگ، چونکە دەبێتە هۆی ناشایستەیی، لێرەدا چارەسەر هەیە، وەك لە وێنەکەدا دەبینن دەتوانین لەسەر لایەکی شان دابنرێ و بەسەر سینگ و دواتریش بچێتەوە سەر ناوقەد، ئەمەش وادەکات ببێتە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و جوان، زیاتر ئەو جۆرە مۆدەیە بۆ ملوانکەی درێژ و گۆبەرۆك و ئێکسسواری دیکەوە بەکاردەهێنرێ. شێوازی ئەو مۆدەیە زیاتر لەنێوان ئێکسسواری زیوو لەگەڵ کراسی کوردییەوە ڕێکدەخرێ و دەبێتە یەکێك لە مۆدە سەرنجڕاکێشەکان، بە جۆرێك دەبێ ڕەنگی ئێکسسوارەکە بە تەواوی دیار بکەوێ، چونکە ئەگەر ڕەنگی کراسەکە لە ڕەنگی ئێکسسوارەکە نزیك بێ، ئەوە جوانی ئێکسسوارەکە نامێنێ و دەرناکەوێ.

# سەندڵ و پێڵاوی پاژنە بەرزی باریک بۆ خانمان





هەندێك لە خانمان هەڵە دەکەن لە هەڵبژاردنی جلوبەرگ و پۆشتە و ئێکسسوارەوە، ئەمەش کار دەکاتە سەر شێواندنی جوانیان کە تا چەندە ڕێك و بەرچاو بن لە گشت لایەنێکەوە، بەڵام ئەو هەڵەیە کاریگەری نێگەتیڤی دەبێ لەسەر جوانی و کارامەیی لە هەڵبژاردنەکانی کەرەستە و ئێکسسواری جوانکارییەوە، ئەگەر نموونەی پێڵاوی خانمان وەربگرین، کە کەرەستەیەکی سەرەکی و بەرچاوە بۆ دابینکردنی گەورەترین بەهای جوانی بۆ بەشی خوارەوەی جەستەی خانمان، لە ڕێگەی پێڵاو و سەندڵەوە، کە لە وەرزی هاویندا بە شێوەیەکی سەرەکی و کراوە دەردەکەون، دەتوانین سوودێکی گەورەیان لێ وەربگرین لە ئامادەکاری و گونجاندنی جوانی نێوان جلوبەرگ لەگەڵ سەندڵ یان پێڵاوە کراوەکاندا ڕێکبخەین. لە کوردستان خانمان گرنگی بە پێڵاوی پاژنە بەرز و گەورە دەدەن، ئەمەش وەك هۆکارێکی ناشیاو کار دەکاتە سەر شێواندنی جوانی، چونکە پێڵاوی گەورە یان پاژنە بەرزی ئەستوور، یەکێکە لەو مۆدانەی کە ناشیاوە، ئەگەر لەگەڵ هەر جلێك بیپۆشی، هەمان ئەو ناگونجاندنە دەدات کە لە شێوە گەورەکەیەوە دەردەکەوێ. دەتوانین لە جیاتی ئەوە، شێوازێکی دیکەی مۆدەی پێڵاو هەڵبژێرین کە هەمان شێوە و دیکۆری هەیە، بەڵام هەندێك جیاوازی دیکەی هەیە، ئەوانیش کە پاژنە بەرزە، بەڵام پاژنەکەی ئەستوور نییە و لە تەلێکی باریکەوە پێکهاتووە، هەروەها لە شێوەی پێشەوەی پێڵاوەکەوە، کراوەیە و پەنجەکانی قاچ دەردەکەوێ و ئەمەش ڕێگەیەکە بۆ سەرنجڕاکێش بوون و جوانییەکی ناسك.






# نا شایستەترین جلی فاشیۆن بۆ پیاوان

بواری فاشیۆن و جلوبەرگ یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی ئەمڕۆ لە سەرتاپای جیهان ڕۆژانە و تەنانەت بە بەردەوامی کاری نمایشی بۆ دەکرێ و خەڵکێکی زۆریش ئامادەی ئەو جۆرە نمایشیانە دەبن، هەر یەکە بۆ مەبەستێك، جلوبەرگ بەپێی کلتوور و کۆمەڵگەی هەر نەتەوەیەك دەگۆڕێ، بەڵام ئێمە لێرەدا باس لەو مۆدانە دەکەین کە سەیرترین مۆدە خۆیان نیشان دەدەن لەلای زۆربەی نەتەوەکانی جیهان، یەکێك لەو مۆدە سەیرانە، جلوبەرگی ئەو پیاوەیە، کە لە شاری میلانۆی ئیتاڵیا ئەو نمایشە بەڕێوەچوو، ئەوەی سەیر بوو یەکێك لە سەیرترین جلوبەرگەکانی ساڵی (٢٠١٢)، ئەو بیرۆکەیەش لەوەوە دێ، کە پیاوان بە مایۆ دەربکەون لە شوێنە گشتییەکان و ژیانی ڕۆژانەیان، ئەمەش بووە هۆی نارەزایی و شێواندنی فاشیۆن.







# تۆپ و دەهۆڵی مانگی ڕەمەزان!

مانگی ڕەمەزان وەك مانگێکی پیرۆز و خێر و بەرەکەتە بۆ گشت موسڵمانان، هەروەها یەکێکە لەو مانگانەی کە خەڵك ڕوو لە ڕۆژوگرتن و خواپەرستیی زیاتر دەکەن، لە سەردەمی پێشوودا بەهۆی نەبوونی ئامێری بڵندگۆوە، شێوازی دیکەیان بەکاردەهێنا بۆ هەڵسانی خەڵك و ئاگادارکردنەوەیان لە بانگی ئێوارەوە، بۆیە بۆ بەیانیان دەهۆڵیان بەکاردەهێنا کە نەریتێکی کۆنە و لە ناو کوردیش ئەو کارە کراوە، هەروەها سەبارەت بە ئێوارانیش، هەڵساون بە دانانی تۆپێك کە دەنگێکی گەورەی هەبووە، لەگەڵ خۆر ئاوابوون ئەو تۆپەیان دەتەقاند و ئیتر بە دەنگە بەرزەکەی گشت خەڵك ئاگاداری دەبوون لەوەی کاتی ڕۆژوو شکاندنە، لە کوردستانیش ئەو لایەنە هەبووە و تاوەکو ساڵانی پەنجاکانیش، بەڵام دواتر بەهۆی دەرکەوتنی بڵندگۆی مزگەوتەکان و ئامێرەکانی گەیاندن و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، توانرا ئەو کێشەیە بە سادەیی چارەسەر بێ، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەولێر و لە زۆربەی شارەکانی کوردستان تۆپ دانراوە بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵك، ئەو تۆپەش لە ساڵی (١٩٥٢) لە هەولێر هەبووە و لە ئاگادارکردنەوەی خەڵك و هەروەها دیمەنێکی جوانیش بووە کە لە شوێنە گشتییەکاندا دادەنران، لەگەڵ دەرکەوتن و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، ئەمڕۆ ڕاستەوخۆ لە ماڵەکاندا دەتوانرێ کات و ساتی بانگەکان دیاری بکرێ یان بە ئاسانترین شێوە بزانرێ، کەچی تاوەکو ئێستاش بەزمی دەهۆڵەکە هەر ماوە و تەنانەت بۆتە مایەی بێزار کردنی خەڵك، چونکە لە ئەمڕۆدا جۆرەها ئامێری کاتدانانەوە هەیە و دەتوانی بە گۆرانییەکی خۆش کە خۆت ئامادەی بکەی، بانگت دەکات و بەبێ ئەو گرم و بەزمەی دەهۆڵەکان.

# قەڵای بان

شوێنەوارە کۆن و دێرینەکانی کوردستان، بە چەندین شێوەی سەیر و جوانەوە ماون، تەنانەت ئەمڕۆش چەندەها لێکۆڵینەوە و دیراسەی لەسەردا دەکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئاسەوارێکی مێژوویی کە ئەمڕۆ بۆتە سەرچاوەی شوێنێکی گەشتیاری بۆ خەڵکی کوردستان و دەرەوە، قەڵا دێرینە کۆنەکان لە کوردستان بۆ چەندین مەبەست دروست کراون، لەوانە بۆ بەرگری و بنکەی سەربازی، یان بۆ شوێنی نشینگە و ژیان بەسەر بردن بووە، شێوەی قەڵا لە کوردستان زیاتر لە شوێنێکی بەرزایی دروست کراوە، یان شوێنێکی بەرچاوی





## رووخسارێكی سەیر!

لەلات سەیر نەبێ كاتێك كەسێك لەنزیكتەوە بێ، لەچركەیەدا ڕووخساری بكاتە شێوەیەكی دیكە كە نەیناسیتەوە و تەنانەت لەو كەسەش بترسێی كە چەند خولەكێك پێش ئێستا لەلات بووە، ئەمەیە چیرۆكی ژیانی ئەو پیاوە چینییەی كە زۆربەی ژیانی بەگۆڕینی ڕووخساری بەسەر دەبات، ناوی (تانگ شۆگان)ە و لەهەرێمی سیشوانی وڵاتی چین دەژی، لەتوانایدا هەیە كە ڕووخساری بەشێوەیەكی زۆر سەیر بگۆڕێ لەشێوەیەك بۆ شێوەیەكی دیكە، ئەمەش بەهۆی تەسك و توندكردنی ماسوولكەكانی ڕووخساری، بەمەش دەتوانێ لەماوەی چەند چركەیەدا ڕووخساری بگۆڕێ لەگەنجێكەوە بۆ پیاوێكی پیر و ڕووخسارێكی پڕ چرچ و لۆچ.



## تێكەڵە (مقلوبە)!

كاتێك مەنجەڵی ئەو جۆرە خواردنە دادەنرێتە سەر سنی خواردن، لەو كاتە برنجەكە دەكەوێتە ژێرەوە، چەندین ڕیز لەجۆرەها خواردن و سەوزە دەبینی، هەر یەكە بە تەبەقەیەك دادەنرێ، لەسەرەوە گۆشتەكە دەردەكەوێ، دواتر پارچەیەك لەتەماتە و پیاز و كودی و باینجان و كەرەوز و پەتاتە و بیبەری سەوز، هەر یەكە لەڕیزی یەكتر دادەنرێ، ئەو خواردنە زیاتر لەهەولێر بەناوبانگە و خواردنێكی خۆشە و هاوشێوەی دۆڵمەیە، بەڵام بەڕێكی دادەنرێ. ئەو خواردنە لەگەڵ زەڵاتە یان مەرەگەیەك یان شۆربەیەك دادەنرێ، كاتێك ئەو خواردنە دەخرێتە سەر سنی، برنجەكە دەكەوێتە ژێرەوە، بەپێچەوانەی كاتی ئامادەكردن كە برنجەكە دەخرێتە سەرەوە. هەندێك خانمانی چێشتلێنەر، نان دەخەنە ژێرەوەی مەنجەڵەكە تاوەكو لەكاتی سەراوژێر دەكرێ لەسەر سنی، شێوەی وەك كێك دەربچێ. چۆنیەتی ئامادەكردنی ئەو خوارنە بەم شێوەیە: سەرەتا گۆشتەكە دەكوڵێنرێ و دەخرێتە ژێرەوەی مەنجەڵەكە، پاشان هەر یەكە لەسەوزەكان و كەرەستەكان، هەندێك سوور دەكرێنەوە و دواتر بەپارچە پارچە دادەنرێ، هەر یەكە بەتەبەقەیەك، لەدواجار برنج دەخرێتە سەرەوەی هەموویانەوە، دواتر دەخرێتە سەر ئاگر و تا بەتەواوی دەكوڵێنرێت و تا دوای (٣٠) خولەكێك ، پاشان دەهێنرێتە خوارەوە و دوای سارد بوونەوە، لەسەر سنی مەنجەڵەكە سەراوژێر دەكرێ و ئیتر خواردنی ناو مەنجەڵەكە دەڕێژێنرێتە سەر سنیەكە، بۆیە پێی دەگوترێ مقلوبە، واتە سەراوژێر، لەناو هەولێریەكانیش بەتێكەڵە دەناسرێ، واتە خواردنێك كە هەمووی تێكەڵی یەكترە، ئەمەش بەیەكێك لەخواردنە گەورە و خۆشەكان دادەنرێ و زۆر جاریش بۆ گەشت و سەیران ئامادە دەكرێ.





## ـــــەمان (خانزاد)

هەبووە كە كۆنترۆڵی بینینی دەوروبەری خۆی بە ئاسانی دەكات، یەكێك لەو قەڵا كۆنانەی كە تاوەكو ئەمڕۆش ماوە، قەڵای بانەمان یان بە قەڵای خانزاد ناسراوە. مێژووی ئەو قەڵایە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیماراتی سۆرانییەكان، بیرۆكەی ئەو قەڵایە لەلایەن میر سلێمان بەگ و شاژنە خانزاد بووە و لەوكاتەی كە میری سۆران دەسەڵاتی گرتۆتە دەست و ئیتر هەڵساون بە دروست كردنی ئەو قەڵایە، شوێنی ئەو قەڵایە دەكەوێتە نێوان هەولێر و شەقڵاوە، بەرزی ئەو قەڵایە دەگاتە (٤٠) مەتر و بە دووری (٢٢) كیلۆمەتر لەشاری هەولێرەوە دوورە، شێوەی دروستكردنی قەڵاكە بە بیرۆكەیەكی ئەندازەیی جوانەوە دروست كراوە، ئەمەش وادەكات كە تاوەكو ئەمڕۆش بمێنێ و نەكەوێ، پێكهاتەی ئەو قەڵایە لە بەردی چیایی دروست كراوە و لە هەر چوار لایەكانی ئەو قەڵایە گومەزێكی بازنەیی هەیە، كە ئەو چوار گومەزە شوێنی چاودێری و پاسەوانان بووە.

# سەیرترین هاوسەرگیری

هاوسەرگیری یەكێكە لەو پرۆسەیەی كە لەنێو ژیانی گشت كەسێكدا هەیە، كەواتە ئەگەر پرۆسە بێ، بێگومان نەریت و شێوازیشی دەبێ، نەریت و شێوازەكانی هاوسەرگیری جیاوازیان هەیە بەپێی ئەو شوێنەی كارەكەی لێ ئەنجام دەدرێ، ئەمەش وەك هەر نەتەوەیەك كارێكی تایبەت بەخۆی دەكات، كە لەپێشوودا بۆی ماوەتەوە و ئێستاش لەسەر هەمان ڕێچكە دەڕۆن، لەوڵاتی ئوسكوتلەندا نەریتێكی سەیر بەهاوسەرگیری هەیە، ئەویش لەڕۆژی ئاهەنگ، هەرچی شتی پیس و بۆن ناخۆشە و ڕەنگ ناشیرینە لەبووكە خان دەدرێ، هەر یەكە شتێك دەهێنێ تاوەكو بەبووكەكە دابكات، لەوانە: هێلكەی پیس، ڕەنگی ڕەش و بۆیە، و شلەی چەوری و بۆن ناخۆش، دواتر دەبێ بووكە خۆی بشوات و بچێتە لای زاوا، ئەمەش وەك ئەوەی ئەو بووكە لەیەكەمین ڕۆژەوە بەپاكی و هەرچی شتی پیسە لێی جیا ببێتەوە و بچێتە لای هاوسەرەكەی.






## نوكتە

- پیاوێك لەخەوندا ژنی هێنابوو، كە هەڵسا بەهاوسەرەكەی گوت كە لەخەوندا ژنی هێناوە، ژنەكەشی پێگوت، دەبێ هەر ئێستا بخەوی و بچیتەوە لای و تەڵاقی بدەی!

## دیوانە شیعر

نالی شاعیر دەڵێ :

تەشریفی نەوبەهارە كە عالەم دەكا نوێ
دڵ چونكە میسلی غونچەیە بۆیێ دە پشكوێ
لەم وەعدە خوشە دا گوڵ و گوڵ چیهرە تێكەڵن
یەك ڕەنگ و موتتەحید، بە دڵ، ئەمما بە تەن
عەر عەر عەدیلی قەددییە یەعنی بەرابەرن
سونبول شەبیهی زوڵفییە فەرقی نییە موێ
لەم خۆشییە كە هێزمی مەتبەخ سەوز بووە
ماوم عەجەب لە دیدەیی صۆفی كە ناڕوێ
تیپی شكۆفە خەیمەیی داوە لە هەر طەرەف
یا شاهی نەوبەهارە هەڵی داوە هۆڕدوێ
دنیا كە گوڵ گوڵی بووە قوربان ئە تۆش وەرە
طالیب بە گوڵ بە قەیدی چیە گوڵ گوڵی بوێ



بولبول كە گەرمە نەغمەیی ئاگر دەكاتەوە
غونچە حەزینە جەرگ و دڵی بۆ دەكا توێ
((نالی))! زوبانەكەی تەڕ و پاراوی سەوسەنت
حەیرانی چاوی نێرگسە وەك لاڵە نا دوێ

س: ئەستێرەكانی شیعری كلاسیك

## یاری پیت ریزكردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەكان ڕێكبخەی ناوی مانگێكی كوردیت بۆ دەربچێ .

ۆ ن خ ج ن ی ا

وەڵامی ژمارەی پێشوو : شمشاڵ

## بۆ زاخاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (دڵۆپە) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیكارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بكەرەوە كە لەكۆتایی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە:

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢+٣) كۆ بكەیتەوە بە مانای (كانزایەكی بە نرخە، وەك زێڕ بۆ كەرەستەی جوانكاری بەكاردێ)
- پیتی خانەكانی (٣+٤+٥+٤) كۆ بكەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی بڕۆ)
- پیتی خانەكانی (١+٣+٣) كۆبكەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی درەنگ)
- پیتی خانەكانی (١+٤+٥+٤+٥)كۆ بكەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی قازانج)

